

# قژ
# لە نێوان سپیبوون و بۆیەکردنەوەدا



**ئەو پیاوانەی سەری سپیی خۆیان دەشارنەوە لە پیری دەترسن و چاولەدەرن و فێڵ لە ژنان دەکەن**

"ژنێك"

**نە سەر لە فەلسەفە دەردەکەم و نە بەلای کاری سیاسیشەوە دەچم کەچی بۆ بەدبەختی سەرم ئاوا رووتاوەتەوە**

"پیاوێك"

ریپۆرتاژی هونەر محەمەد

وەك دیاردەیەکی فسیۆلۆژیو لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنی هەر ئادەمیزادێك، کۆمەڵێك گۆران بەسەر جەستەو لەشولاری هەریەکێکماندادێت و نیشانەکانی تەمەن لە هەر یەکێکمان دەردەکەون، واتە هەر ساڵەی کە لە تەمەنی یەکێکمان دەگوزەرێ لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێك نیشانە هەڵدەگرێ، یەکێك لەو نیشانە دیارو بەرچاوانە سپی بوونی مووی لەشە لەهەردوو رەگەز، هەرچەندە ناتوانین ئەم دیاردەیە وەك پێشمەرجێکی هەڵکشانی تەمەن لێك بدەینەوە، چونکە هۆکاری مانەوەش (وراپە) یەکێکە لە فاکتە گرنگەکانو دەبێ لە بەرچاو بگیرێ، بەڵام ئەوەی بۆتە شتێکی هەربوو(حتمی) کەم کەس هەیە بگاتە تەمەنێکی کامل و مووەکانی سەری سپی نەبن یان لە هەندێکیاندا رووتانەوە روونەدات، کە ئەمە بێشك کۆمەڵێك گرفت بە دوای خۆیدا دێنێو لەم رێپۆرتاژەدا تیشکیان دەخەینە سەر، رەنگە لەلای هەندێك کەس زۆر بە ئاسایی وەربگیرێو وەك هەر گۆرانێکی تر کە بەسەر باری مرۆڤدادێتو لەلای هەندێکی تریش بە نائاسایی وەردەگیرێو لەو پێناوەدا کۆشش دەکەن بۆ رووبەرووبوونەوەی، چاکترین چەکیش کە بتوانن بەکاری بهێنن و بەسەر ئەو حالەتە دەروونییە سەرکەون بۆیەکردنەوەی قژە، یان چاندنی مووە لە رێی نەشتەرگەری کە ئەمەیان زۆر تازەیەو لەم دووایانە زانستی پزیشکی دایهێناوە و زۆر کەسیش بەهۆیەوە سوودیان لێبینیووە، هەندێك کەس پێیان وایە هەیبەتی پیاو لە سەرووتانەوەو سپی بوونی زیاتر دەبێ، چونکە خوێندنەوەی بەرامبەر وایە بۆ ئەم جۆرە کەسانە،بۆیێ ئارەزوو ناکەن هەرگیز دەستکاری سەریان بکەن، هەندێکی تریش بایئەدەنەوە لای ئاینو پێیان حەرامە دەستکاری کردەوەی خوا بکەنو ئەمەش بە دەسکەوتێك ئەزانن لەپاڵ ئەو دەسکەوتانەی تر کە خوا بەمرۆڤی بەخشیووە، بەلای هەندێك کەسەوە سپیبوونی موو ئاساییە، بەڵام رووتانەوەی بە کارەسات دائەنێن بە تایبەت ئەوانەی سەریان رووتاوەتەوە، خۆزگەی ئەوە دەخوازن تەواوی مووی سەریان سپی بووبا بەس یەك تاڵ لە سەریان نەرووتابایەوە.

لە رێپۆرتاژەکە یەکێك بە تەوسەوە وتی: رووتانەوەی سەر یەکێکە لە نیشانەکانی مەزنی، ئەوە نییە زۆربەی فەیلەسوفو سیاسەتمەدارە گەورەکان سەریان رووتاوەتەوە، بەڵام من نە سەر لە فەلسەفە دەردەکەمو نە بەلای کاری سیاسیشەوە دەچم کەچی بۆ بەدبەختی سەرم ئاوا رووتاوەتەوە، خدر حوسێنی تەمەن(٤٨) ساڵەش کە خۆی بە گەنج نیشاندەداو قژە سپیەکەشی بە رەنگێکی رەش بۆیە کردبوو وتی: "ئەوانەی مووی سەریان رەشدەکەنەوە کەسیان خۆی بەپیر نازانێ وخەڵکی بە گەنجیان دەزانن" ، بۆیە رەنگکردنەوەی قژی بە حەزێکی مرۆڤ دانا، هەروەها بەئارەزووێکی تایبەتی خۆشی دەزانی کە بۆ رەشکردنەوەی قژی بە بۆیە هەست بەدەرخستنی روخسارێکی جوان دەکات، لەهەمان کاتیشدا تیشکی خستەسەر ئەوەی کە رەنگکردنەوەی قژ زیانی هەیە، چونکە ئێستا هەست دەکات کە تووشی قژ هەڵوەران بووە و گوتی"من تاکو سەرم رەش نەکردەوە قژم هەڵنەدەوەری".

دواتر فریاد عەبدوڵامان دواند، کە گەنجیکی (٢٧)ساڵە، لە سەرەتای تەمەنی منداڵی قژی بەشێوەییێکی نائاسایی سپی بووە، سپیی بوونی قژی بەحاڵەتێکی دەروونی ناخۆش دەزانی، لەگەڵ ئەوەشدا تاکو ئێستا قژەکەی رەنگ نەکردۆتەوە ئەمەشی بۆئەوە

دەگەڕاندەوە، کە لە ئاینی ئیسلام گوناحەو نوێژی پێوە نایە بەڵام گوتی"ئەگەر هەتوانێك یاخود دەرمانێکی تەندروستی تر هەبێت ئەوە بەکاری دێنم" ساڵح ئەحمەد تەمەنی لەسەرووی (٣٠) ساڵیەوە بوو، تازە مووەکانی سەری تاك تاکە بەرەو سپی بوون دەچوون، بەڵام ئەو راو بۆچوونێکی جیاوازی هەبوو دەیگووت:" ئەگەر سەر سپی بوو، بەڵام دڵ پیر نابێت" رەنگ کردنەوەش بە چارەسەر دانانێت، لای وابوو ئەوانەی قژیشیان رەنگ دەکەن ئەوا فێڵ لەخۆیان دەکەن بۆیە وایخستەروو"هەرکە مووی سەر سپی بوو، دەبێت پێی رازی بیت چونکە شتێکی ئاسایە، بەڵام ئەوانەی سەری خۆیان ڕەشدەکەنەوە دیارە زۆر دڵ تەڕن" فەیسەل تەمەنی تەنها (٣٤)ساڵ بوو قژێك و ریشێکی سپی بەتەواوی رووخساری داپۆشی بوو، کەچی پێ وابوو سپی بوونی قژی مرۆڤ نیشانەیەکی جوانە بۆ مرۆڤ چونکە تەمەن و روخساری مرۆڤ تاکۆتایی وەك خۆی نامێنێتەوە، فەیسەڵ دەڵێ"هەموو مرۆڤێك گۆڕانکاری بەسەر دادێ زوو یاخود درەنگ بۆیە من زۆرم لا ئاسایی یە بەسەری سپیەوە

ژیاندا یە ئەو پێی وایە ئەو پیاوانەی کە موی سەریان رەشدەکەنەوە، زۆربەی ئەو پیاوانەن کە بەنیازی هێنانی ژنی زیاترن و فروفێڵ لە ژنان دەکەن و بەگەنج خۆیان نیشان دەدەن کە چی بەرواڵەت گەنج و بەناوەرۆك پیرن، بۆیە وەك خۆی دەڵێ"هەموو ئەو پیاوانەی سەری سپیی خۆیان دەشارنەوە لە پیری دەترسن و وادەزانن عەیبەکانیان بەم بۆیە دەشاردرێتەوە ،ئەمانەش بەزۆری ئەو پیاوانەن کە چاو لەدەرن و فێڵ لە ژنان دەکەن". هێمن محمد خاوەنی جوانکاری نازە سەبارەت بەو کەسانەی کەسەردانیان دەکەن و بۆیەی قژیان لا دەکرن بەمەبەستی گۆڕینی رەنگی قژیان لەسپیەوە بۆرەنگێکیتر وتی: "ئەوانەی سەردانمان دەکەن زۆربەی ئەو پیاوانەن کە لە تەمەنداان ، هەندێ لە گەنجانیش دێن کە بۆمۆدە رەنگی قژیان لە زەردو سوورەوە بۆرەش و بەپێچەوانەوە دەگۆڕن"لە بەرامبەر پرسیاری ئەوەی ئەو بۆیەی کە زۆرترینی ئەو کەسانەی بەکاریدێنن هێمن گووتی" ئێمە زیاترلە (١٥)پازدە بۆیەی قژمان لا دەسدەکەوێ کەبۆ پیاوان و ئافرەتان بەکاردێ



جوانم". زریان خان تەمەنی تازە حەڤدە بەهارە، کەچی هەر لەمنداڵیەوە سەری بەیەکجار سپی بووە، ئەمەشی ، نیگەران بوو کە لەو تەمەنە لاویە سەری تەواوسپی ببوو، زۆر جاریش قژەکەی رەش کردبووەوە، بەڵام بێ ئومێد دیاربوو بۆ شاردنەوەی تاڵە قژە سپیەکانی سەری . پورهەمین کە ژنێکە لەتەمەنێکی مامناوەندی

(٢٥)جۆرە مەرهەممان لا دەست دەکەوێ" بەڵام ئەم چارەسەرەی بەکاتی دانا وتی" جۆرەها کەس لەهەردوو رەگەز دێنە لامان بۆکرینی ئەم بۆیەو مەرهەمانە کە هەر کەسەو ئارەزووی لە رەنگێکی تایبەتە چارەسەری کۆتایش نین بۆ قژ تەنها کاتین نرخەکانیش لە (٣٠٠٠تا١٥٠٠٠)هەزار دینار دەبێت" .